www.kurdistannet.org
31-10-2007 21:32بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

پرسەوسەرەخۆشی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان کۆمیتەی هۆڵەندا

بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە گوێ بیستی شەهید بوونی پێشمەرگەی دێرین (ڕەمەزان حاجی مەحمود) بووین لە شاری کەرکووک بەهۆی کارێکی چەپەڵی تیرۆریستان دژ بە گەلی کورد، لەدەست دانی ئەم هەڤاڵە تێکۆشەرە لەکاتێک دایە پڕۆسەی یەکلایی کردنەوەی بەکوردستانی بوونی کەرکووک لەهەستیارترین قۆناغەکانیدایە، بۆیە کۆندەپەپوەکانی تاریکی لەهەوڵە نەزۆکەکانیان دا دژ بە تێکۆشەران دەست ناپارێزن.

لەم کارەساتە دڵتەزێنەدا پرسە و خەمی خۆمان ئاراستەی خانەوادەی شەهیدی نەمر دەکەین بەتایبەتیش هەڤاڵی دێرینمان کاک (چالاک حاجی مەحمود) و خوازیارین ئەمە دواکۆستی ئەزیزانیان بێت. هەزاران دروود بۆکاروانی سەرفرازی نەتەوەکەمان.

کۆمیتەی هۆڵەندا (بەنەلۆکس)
کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان
2007-10-30

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.